لیڤاندۆڤسکی هێرشبەری بەرشەلۆنە باسی گەڕانەوەی لیۆنێل مەسی دەکات بۆ یانەی کەتەلۆنی

ئەستێرەی پۆڵەندی ڕۆبەرت لیڤاندۆڤسکی هێرشبەری بەرشەلۆنە باسی گەڕانەوەی ئەستێرەی ئەرجەنتین لیۆنێل میسی بۆ یانەی کەتەلۆنی و نزیکبوونەوەی لە بەدەستهێنانی نازناوی خولی ئیسپانی "لالیگا"ی کرد.

گرێبەستەکەی لیۆنێل مەسی لەگەڵ پاریس سان جێرمان لە مانگی شەش کۆتایی دێت و هێشتا نەگەیشتووەتە ڕێککەوتنێک بۆ درێژکردنەوەی گرێبەستەکەی، ئەمەش لە کاتێکدایە کە لیۆنێل مەسی دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ڕیزەکانی بەرشەلۆنە

لیڤاندۆڤسکی لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی "سپۆرت"ی ئیسپانی وتی، " میسی بەشێکە لەم یانەیە ئەگەر بگەڕێتەوە ئەوە تەنها بۆ هاندەران باش نابێت بەڵکو بۆ یاریزانەکانیش دەبێت".

هێرشبەرە پۆڵەندییەکە ئەوەشی وت، " دەزانین شوێنی ئەو لێرەیە لە بەرشەلۆنە، نازانم چی ڕوودەدات، بەڵام هیوادارم وەرزی داهاتوو پێکەوە یاری بکەین، هەرچەندە من کەسێکی گونجاو نیم کە نیگەرانم لە

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، مەسی سەر بە بەرشەلۆنەیە و ئەگەر بگەڕێتەوە ئەوە شتێکی سەیر دەبێت"

ڕۆژنامەکانی ئیسپانیا هەواڵی ڕەزامەندی لیۆنێل مەسیان بڵاوکردەوە بۆ گەڕانەوەی لیۆنێل مەسی بۆ بەرشەلۆنە لە هاوینی داهاتوودا، بەتایبەتی لە کاتێکدا هەمووان دەیانەوێت پێشوازی لێبکەن لە "بلوگرانا"، چەند ڕۆژی ڕابردوو لێدوانی بەردەوام لەلایەن یاریزانەکانی یانەی کەتەلۆنیاوە پەخشکرا کە داوایان لە ئەستێرە ئەرجەنتینییەکە کرد بگەڕێتەوە.

ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان ئاماژەیان بەوە کردووە کە بەرشەلۆنە پێشنیاری دارایی دەکات بە میسی بە بەهای 10 ملیۆن یۆرۆ مووچەی ساڵانەی، لەگەڵ ئەوەی کە بەشێک لەو داهاتەی پەیوەستە بە سپۆنسەری تیمەکەوە کە پەیوەستە بە گەڕانەوەیەوە، هەروەها بەشێک لە داهاتی فرۆشتنی بلیت و کراسەکەی.